# دەبێ کوردیش"
# ئەنجومەنی باڵای سەرکردایەتی نەتەوەیی"هەبێ؟!

ن: ئاهورا هەورامی

ئەم ئەنجوومەنە لە ئاستی باڵای سەرکردایەتی نەتەوەیی کورد دا ، پێویستە هەموو لایەنە سیاسی و دیپلو ماتی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و فەرهەنگی و جوگرافیەکان لە خۆ بگرێت .بۆ سەرخستنی ئەم بیرۆکەیە کە نەتەوەی کوردیش وەك هەرنەتەوەیەکی تری ئەم جیهانە خاوەن دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی بێت پێویستە :

١- لە ئاستی سیاسیدا : بەپێی هەلو مەرجی سیاسی و لە دنیای ئەمڕۆدا ،بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی پێویستە سود لە ئەزموونی گەلانی جیهان وەربگرین ، بەنموونە ئەزموونی سەرکەوتوی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، کە پێك هاتوە لە ٥٢ وڵاتی سەربەخۆ لە دەوڵەتێکی فیدراڵدا ،و کۆنگرێس ئەم دەوڵەتە فیدراڵە بەڕێ دەبات ،یەکێتی ئەورووپا : کۆمەڵێك وڵاتی سەربەخۆو سەرکەوتون کە قورسایی خۆیان هەیە لە ئاست هەموو بڕیارە سیاسیە جیهانیەکانداو کاریگەریشیان لە سەرناوەندەکانی بڕیاری جیهانی هەیە .کۆمکاری عەرەبی ،یەکێتی یەکی ئارەزوو مەندانەی نێوان وڵاتانی عەرەبە و ٢٢ دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی بەشدارن تیایداو ئەندازەیەکیش لە سەر ئاستی جیهانی خاوەنی بڕیان لە هەلو مەرجە سیاسیەجیهانیەکاندا .هەڵەبەت ئەم ئەزموونانە لە ناوچەکەو لە سەر ئاستی جیهانی ،سەرکەوتوبووە دەشی نەتەوەی کوردیش وەك ئەزموونێکی سەر کەوتو بەکاری بهێنێت و سودی لێببینێ،هاوکات وەڵامێکی دروست و تەواویشە بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەروڵات و لایەنێکی دژ بەرانبەر بە دۆززی ڕەوای کورد،لە بەر ئەوەی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لە نێویاندا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاکە ئەمرۆ سەرکردایەتی سیاسەتی جیهان دەکات ، ناتوانن ناکۆك بن لە گەڵ ئەم ئەزموونەدا بە هەموو مافێکی نەتوەیی و یاسایی حەقی مەشروعی نەتەوەی کوردیشە کە لە کوردستانی پارچەکراوو داگیرکراودا ،بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ،دەوڵەتێکی فیدراڵ لە شێوەی چوار هەرێمی سەربەخۆدا پێك بهێنرێت ، بۆ نموونە ( ئەنجوومەنی یەکێتی نەتەوەیی کورد )

**أ- هەرێمی سەربەخۆی ڕۆژهەلات**

**ب- هەرێمی سەر بەخۆی باشور**

**ت- هەرێمی سەربەخۆی باکور**

**پ- هەرێمی سەربەخۆی خۆرئاوا**

ئەم چوار هەرێمە دەبێ لە سایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیدا بێت ،واتە ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی کە پێك هاتبێت لە نوێنەری هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەو ئەنجوومەنەش (وەك ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەوڵەتی کوردستانی گەورە ) بناسرێت و بڕیارە چارەنوس سازەکانی نەتەوەی کورد لە م ئەنجوومەنەوە ئاراستە بکرێت )وە دەبێت ئەم چوار هەرێمە سەر بەخۆیە بۆ ڕشاپەڕاندنی هەموو کارەمانی ناو خۆ و دەروە بگەڕێنەوە ئەم ئەنجوومەنەو لە ڕێگەی ئەم ئەنجوومەنەوە ڕێنمایی و فەرمان وەربگرن .ئێستا هەلێکی زۆر لە بارە بۆ پێك هێنانو ڕێکخستنی ئەم کۆنگرە نەتەوەی یەو هاو کات بۆ کۆکردنەوەی ماڵی و کوردو یەك ئاراستەیی لە سیاسەتی نوێی نەتەوی کوردا دەرفەتێکەو نابێت لە دەست بچێت ،چوونکە ئێستا لە هەموو کاتەکان زیاتر ئەم هەلە ڕەخساوەو کوردستانی گەورەش وەك هەرچوار

هەرێمەکە بنەماکانی دەوڵەتی سەر بەخۆی تیایە ئەگەرچی کەموو کوڕیش هەبێت بەڵام ئەمانە نابنە بەربەست بۆ لە دەست دانی ئەم دەرفەتە .

٢-   ئاستی دیپلوماسیەتی کوردی : بە شێوەیەکی گشتی ئاستی دیپلۆ ماسیەتی کوردی بە تەواوی مانا لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە ماوەی ڕابووردوودا و بەدرێژایی مێژوو سست ولاواز بووە و وەك پێویست نەیتوانیوە ڕای جیهانی دروست بکات لە سەر پرسی ڕەوای نەتوەی کورد ، ئەمەش هۆکەی ئەوەیە کە :

أ-   هەموو دیپلۆماتێکی کوردی لەسەر ئاستی نەتەویی نەبووە لە ڕێگەی حزب و ڕێکخراوو گروپەوە بووەو هەرپارچەیەکی کوردستان لە ڕوی دیپلۆماسیەتەوە بەجۆرێك کاری لەسەر پرسی کورد کردوەو پەیوەندی دیپلۆماسیەکانیش لە ڕێگەی شەخسیەوە بوە ، نەك لە سەر ئاستی نەتوەیی ،بە هۆی جیاوازی بیرو ڕای پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانەوە ،کە هەریەکەیان جۆرێك لە چارەسەریان پێباش بووە بۆ ئایندەی کوردستان ،ئاستی دیپلۆماسیەتیان دروست کردووە ، ( بۆنموونە : حزبێك خودمووختاری پێباش بووەو لە دیپلوماسەتی خۆیدا بۆ درووست کردنی پشتگیری وڵاتانی بیانی و زلهێزی جیهانی ئەو وەك پەیڕەوی پارتەکەی پرسی نەتوەی بەستوەتەوە بە خود موختاریەوە ، هەمان شێوە پارتێکی پێی وابووە ،مافی  چارەی خۆنوسین ، ئایندەی کوردستان دیاری دەکات هاو  کات لە سەر ئەم باوەڕە پەیوەندی دیپلۆماتی بەستوە ) بە کورتی : هەموو پەیوەندی یە دیلۆماتیەکانی نەتەوەی کورد لە مێژوودا ڕاستە بەناوی پرسی کودەوە قسەی لەسەر کراوە بەڵام لە بنەمادا پەیوەندیەکی حزبیانەوە شەخسیانە بووە ،بۆ چارە سەر کردنی ئەم لاوازیە لە ئاستی دیپلۆماسیەتی کوردیدا ،باشترین چارەسەری تۆکمەو بەهێز کە بتوانێت ڕای نەتوەی کود بسەلمێنێت ، تەنها ئەو ئەنجوومەنیە کە لەڕێگەی ئەم ئەنجوومەنەوە ، بەیەك ئاراستەو بە یەك دەنگ و بە یەك بۆچون لەسەر دۆزی کورد پەیەندی دیپلۆماسی دروست بکات لەسەر ئاستی جیهانی ،بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك بەناوی خۆیەوە و بۆ بەر ژەوەندی خۆی کاری دیپلوماسی لە سەر ئەساسی نەتوەی ئەنجام نەدات .هەروەك لە سەروە ئاماژەمان پێدا دەبێت پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان لە سەر ئاستی ئەو ئەنجوومەنەبێت نەك نوێنەریی هەرلایەنێك وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت .

ب-   ئەگەر ئەم ئەنجوومەنە دروست بکرێت و ناوی بنرێت یەکێتی نەتەوەیی کورد : ئەوا لە ڕێی ئەم ئەنجوومەنەوە زۆر پرسی نەتەوەی دەچێتە پێش ، بەڵام دەبێت هەموو پەیوەندیە دیپلۆماسەیەکان لە ڕێی ئەم ئەنجوومەنەوە بێت و ، هاوکات ئەم ئەنجوومەنەش پەیڕەوێکی تایبەت بەکاری دیپلۆماسی هەبێت و کەسایەتی تایبەت مەندی سەرکەوتو چاك لەم بوارەدا دەست نیشان بکات وئەرکەکانیان پێ بسپێرێت ، وە ئەو دیپلۆمات کارانە دەبێت کۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ ئەنجومەن هەبێت ، بۆ ئەوەی بەبەردەوام لە گەڵ  سیاسەتی ڕۆژدا باس لە پرسی نەتوەیی کورد بکەن و لە گەڵ ئەنجومەن ڕۆژانە پەیوەندی بکەن بۆ دانان و ڕێکخستنی پلان و ئاراستەی نوێ بۆ سەرنج ڕشاکێشانی پشتگیری دۆزی کورد لە سەر ئاستی جیهانی .

ت-   هەروەها ئەم ئەنجوومەنە ڕێگری بکات لە هەر کەسێك کە بەبێ ئاگاداری ئەنجوومەن کاری دیپلۆماسی لە سەر ئاستی نەتەوەیی بکات .

پ-   پەیوەندی گرتنی دیپلۆماتکاران کە ئەنجوومەن دیاری کردوون ، لە گەلج هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وڵاتە مرۆڤ دۆستەکان وڵاتە زلهێزەکات و وروژاندنی پرسی سەربەخۆیی ، داوای هاوکاری و پشتگیری بۆ بونیاد نانی دەوڵەتی مۆدێرنی  سەربەخۆی کوردستانی .

٣-   فیکر( ئایدۆلۆژیا ) نەتەوەیی لەسەر ئاستی دەوڵەت : لە ماوەی ڕابوردوو لە ئێستاشدا بەقوربانی بونی پرسی کورد نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیرو یەك ئاراستە بووە ، ئەمەش بە هۆی زۆری ئەدای کاری حز و پارتەکانەوە بووە

لە کوردستان کە هەرپارت و ڕێکخراوێك هەڵگری فیکرێکی تایبەت بەخۆی و پلات فۆرمێکی سیاسی بوە بۆ دۆزی کورد , لایەنێك ئیسلامی و بە پێی شەرع و حەدیس و ئایەتەکانی قورئانی کێشە ی کوردی تەفسیر کردووەو لە ناوەندە جیهانیەکانیشدا کوردی وەك نەتەوەیەکی موسڵمان ناساندووەو پێی وابووە ، تەنیا ئاینی ئیسلام چارەسەری کێشەی نەتەوەی دەکات کە ئەمە ئەزموونی ئسلامبوونی کورد سەلماندوویەتی نەك هەڵیە پێچەوانەش بووە ، لەلایەکی ترەوە . فیکری سۆسیالیستی و چەپ دەتوانێت پرسی کورد چارەسەر بکات . لەلایەکی ترەوە ، فیکری عەلمانیەت و دەیان ڕێکاری فیکری تر ، کە ئێمە ئەزموونی هەموو ئەم ئایدۆلۆژیایانەمان تێپەڕراندو هیچ کام لەم فیکرانە بایی ئەوەندەی پرسی کورد بناسێنێت لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەریان نەبوو، گەورەترین گرفت نەبوونی ئایدۆلۆژی دەوڵەتیە ( بیری سەربەخۆیی ) پێویستە کار بۆگەشەپێدانی بیری نەتەوەیی بکرێت ، و هێڵێکی گشتی سیاسەتی دەرەکی لە سەر یەك ئاراستە دیاری بکرێت بۆ چالاکی سیاسی نەتەوەیی ، دەبێت ئەم ئەنجوومەنە بەپێی وەرگرتنی ئەزموونی سەرکەوتوی گەلان سود لە ئایدۆلۆژیایەکی گشتی دەوڵەتی وەربگرێت ، کە ئایا ئایین نامەی ئەم دەوڵەتە سەر بەخۆ کوردی یە چی ئایدیایەکی گشتی بێت : بۆنموونە نەتەوەی تورك زەرەمەندبوون لە ئاینی ئسلام سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی ئاینی سیلامەوە بونە خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن لە ناوچەکە بەڵام ئەم ئیمپراتۆریەتە لە ناخۆی خۆیدا هەڵوەشابوو شکستی هێنا ، بەهاتنی ئەتا تورك و سودوەرگرتنی لە فیکری ئەوروپاو خۆرئاواو گۆڕینی ئاین نامەی دەوڵەتی تورك لە ئیسلامیەوە بۆ عەلانیەت .بەم ئایدیایە ئەو شکستەگەورەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داپۆشی .هاوکات ئەوروپا بە چەندین ڕێگوزەری سیاسیدا تێپەریوە تا ئەم بونیادە سەر کەوتوەی دامەزراندووە ، ( سەردەمی کۆیلەیەتی ، فیودالّی ، پاشایەتی ، کڵێساو جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت کە کوشندەترین ئایدیا بۆ خاپورکردنی دەوڵەت ئایدیالی دیینیە ، هەتا ئەو کاتەش کە کڵێسا دەستی باڵای لەسەر ئەدای کاری سیاسەت هەبووو لە ئەورو پا خاون دەوڵەت نەبوون ، چوونکە بەهەم هێنانی کەسایەتی ڕۆحانی و ئیماندار تەنیا لە دەلاقەی ئاینەکەیەوە دەتوانیچت ببینێت ، ئەو دەلاقەیەش لە ئاستی کاری سیاسی و و دەوڵەتیدا زۆر لەوە بچووکترو کەم بینترە ، بۆیە ئەوروپا ئایینیان لە سیاسەت و دەولچەت جودا کردەوەو هاوکات ئاینیشیان لە دەست پیاوەکانی ڕزگارکرد کە وەك خۆی خەڵك مومارسەی بکات . سەرمایەداری ،ئێستاش بەرەو سۆسیالیزم ،کە هەموو ئەم قۆناغانە ، بە نێو هەموو ئەم فیکرەو ئایدۆلۆژیایانەدا گوزەریان کردووەو تێ پەڕیون ( سەرمایەداری ، لیبرالیزم ،سۆسیالیزم ، دیموراسی ،مۆدێرنێتە ،پۆست مۆدێرنێتە ، لە ئێستاشدا لە هەوڵی چەسپانی ڕێگای سێهەمدان، وە سۆزسیالیزم هاوپیچ لە گەڵ فیکری دیموکراسیدا ) کە ڕێکارێکی دیموکراتیانەی نێوان سسیستەمی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیە ، بەڵام لە هەم بەر چارەسەری دۆزی نەتەوی کوردو پرسی بوون بەدەوڵەت ، پێویستە هێڵکی یەکلا کەرەوە دەسنیشان بکرێت کە هەموو ڕێکخراوو حزب و پارت و کەسایەتیەسیاسیەکانی کورد کۆك و تەبابن لەسەرئەو ئایدۆلۆژیایەوئەوەش بکریتە بناغەی فیکری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان . و لەو هەموو فیکرو ئایدیا نەخوازراوانە ڕزگار بکرێت .بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێك گوتارێکی تاك ڕشەهەندی نیشتمانی دروست بکرێت کە هەمولایەنەکان لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆك بن لەسەری ،ئەم گوتارەش بکرێتە ئاینناموەی دەوڵەتی کوردستان .

٤- لە ڕوی ئابووری یەوە : لە سیاسەتی سۆسیالیزمدا ، ئاماژە بەوەدراوە کە هەموو سیاسەتێکی سەرکەوتو ئابووری یەکی بەهێز دروستی دەکات . واتا ئابووری بنەمای سەرەکی پراکتیکی کاری سیاسی سەرکەوتوانەیە بۆ ئامانجێك ،بۆیە ئابووری ڕۆڵی سەرەکی لە پرسی سەربەخۆی کوردستاندا لە پلەی یەکەمدایە ، هاوکات کوردستان کە داگیرو پارچە کراوە ، خاوەنی داهاتێکی زۆری سامانی سروشتی و کانزایی یە چ لە ڕوی پیشەسازیەوە چ لەڕوی کشتوکاڵیەوە چ لە ڕوی بازرگانیشەوە ،بەڵام داگر کردنی کوردستان و سود وەرنەگرتنی گەلی کورد لەم سەروەت

وسامانەی خاك ونیشتمانەكەی نەیتوانیوە ئامانجە نەتەوەییەكانی بهێنێتە دی. كوردستان نیشتمانێكی بەپیت و فەڕە و سروشتێكی تەواو ئاسیی و گونجاوی هەیە بۆیە ئەگەر ببێتە دەوڵەت ، ئەوا بنەمایەكی پتەوی ئابووری هەیەو بە تەواوی مانا دەتوانێت بەشێوەیەكی تۆكمە بنەماكانی دەو ڵەت بەرجەستە بكات .بۆیە پێویستە لایەنی ئابووریش وەك لایەنەگرنگەكانی تر لەبەرچاو بگیرێت . و گرنگی بە كەرتی كشتوكاڵی و كەرتی پیشەسازی و كەرتی بازركانی بدرێت ، ئەگەرچی لەدنیای ئەمرۆدا سیاسەتی ئابووری سیاسەتی بازاڕی ئازادەو لە لایەن كۆمپانیا ئەهلییەكانەوە سەرپەرشتی دەكرێت ، بەڵام بۆئەوەی كە هاونیشتمانیان زەرمەند نەبن وبازرگانی چاوچنۆك و هەلپەر ئیستغلالی ئەو هەلومەرجەی بازاڕی ئازاد نەكەن ، ئەوا پێویستە لە لایەن دەزگای دەوڵەتەوە چاودێری تندوتۆڵی بازاڕ بكات .و بازرگان و كۆمپانیاكان بكات .بۆیە ئابووری ڕۆڵی سەرەكی لە سەركەوتنی سیاسەتی ئیداری و حكومەیدا دەبێت .

٥- ئاستی ڕێزمانی و زمانی دەوڵەتی (فەرهەنگی نەتەویی ) : گرفتی سەرەكی هەر دامەزراوەیەكی حكومی و دەوڵەتی گرفتی كەم كۆڕی یان پەرتەوازەیی زمانی نەتەوەییە ، گەرلی كورد بەهۆی چەند جۆر لە زاراوە لە نێو زمانەكەیدا وای كردووە زمانێكی ستانداردو فەرمی و جیهانی نەبێت ، هەربۆیە لە ڕوی زاراوەو دەستەواژەشەوە كەم و كۆڕی زۆری تیایەو بۆ دەستەواژە سیاسی و ئابوری زانشتی یەكان زۆرترین كات سود لە زمانی بێگانە وەرگیراوە ، ئەمەش هۆی لاوازی زمانی كوردی بەیان دەكات بەو مانایەی ستانداردی جیهانی نەدرێتی ، بۆیە ئێستا لە هەموو كات زیاتر پێویست بوونی دانانی فەرهەنگێكی گشتی و هاوچەرخە بەتەكنیكی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆشنبیری و زمانەوانی ،فەرهەنگێك كە لە خوێندنگاكاندا بخوێنرێت ، وە لە هەر چوار زاراوەی كرمانجی سەروو كرمانجی خواروو شێوەزاری هەورامی و گۆران ، بۆ ئەوەی لە هەر چوار زاراەكە فەرهەنگێكی دەوڵەندو هاوچەرخ دروست بكرێت پێویستە تەكلیفی لیژنەیەكی تۆكمە بكرێت بۆ دانانی ئەم فەرهەنگە ، بەشێوەی شیكردنەوەی (ڕەوان بێژی ، دەربڕین ، وشەسازی ، ڕستە سازی و ، ماناسازی ، وتاربێژی و هتد ) ئەم فەرهەنگە زمانی فەرمەی دیالۆگ و ئەدەبی و زانستی و ڕۆشنبری دەوڵەت و هاونیشتمانیان بێت .بۆیە تا فەرهەنگێكی تۆكمەو نەیەتە بون زمانی ناوچەیی یان شێوە زارەكانی زمانی كوردی لە بنەمای پێك هێنانی دەوڵەتدا لاوازەو ناتوانێت ئاستی جیهانی وەربگرێت .وە بۆ ئەوەشی كە چیتر پەنا نەبینە بەر وشەو زاراوەی بیانی و ڕزگاربوونمان لە ژێر كاریگەری ڕیزمانی هەرچوار وڵاتی داگیر كەر ، پێویست بوونی ئەم فەرهەنگە زۆر زەرووری و پێویستە .

٦- جوگرافیای كوردستان :جوگرافیای كوردستان كە لە لایەن هاوپەیمانەكانەوە بە پەیمانی لۆزان لە ساڵانی سەدەی ڕابووردوو پارچەكرا بەسەر چوار وڵاتی داگیر كەری ( عەرەب و فارسدا ) تائێستاش ئاسەواری لاوازی فەرهەنگی و سیاسی و جیۆپۆلەتیكی كوردستان لە ژێر كاریگەری ئەو پارچەكردنەدا یە ، گرفتی گەورەی نیشتمانی كوردان تەنیا داگیر كاری نیە بەڵكو پارچەكردنیەتی بەسەر چوار وڵاتدا ، بۆ یە ئەگەر یەكیچتی یەكی نەتوەیی بوێرو چالاك نەبێت ئەم پارچانە لكانەوەیان پێكەوە ئەستەمە ، یان بەدەست هێنانی پشگیری وڵاتانی زلهێز ، بۆیە جوگرافیای كوردستان مەدایەكی فراوانی هەیە و ئەمەش شیاوە وەك بنەمای دەوڵەت ، یان لە كاتێكدا ئەگەر ئەم چوار پارچەیەش بەشێوەیەكی ئارەزوو مەندانە یەك نەگرنەوە ئەوا دەشێ وەك چوار هەرێمی سەر بەخۆ لە جوگرافیای خۆیاندا لە ژێر سایەی دەوڵەتێكی هاوچەرخی فیدراڵدا یەك بگرن واتە : وەك لە پێشدا وڵاتە یەك گرتوەكانی ئەمریكامان بەنموونەوەرگرت .

٧- ئاستی كلتوری كۆمەڵگەی كوردی : ئاستی كلتوری كۆمەڵگەی كوردی ، لاوازەو وەك پێویست لە ئاستی ستانداردی جیهانیدا نیە ، تا ئێستاش ئەم كلتورە كلتورێكی خێڵەكی عەشایری دواكەوتوو لە ژێر كاریگەری كلتوری وڵاتە داگیركەرەكاندایەو هاو كات هەژموونێكی ئاینی زۆریشی لەسەرە كە بە زۆر بەسەریدا سەپێندراوە ، چوونكە تائێستاش

هاوڕێیەتی کوڕو کچ ، بەشداری سیاسی ژنان لە چالاکیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا شەرمەو جێگای سەرزەنشتیە بۆیە پێویستە دەوڵەتی ئایندەی کوردستان بەم کلتورەدا بچێتەوە و ئازادیە کەسیەتیەکانی نێرو مێ بەتەواوی ماناوە بەرجەستە بکات و ،شێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی بسەلمێنێت .

٨- ئاستی کۆمەڵایەتی : ئاستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی زۆر نزمە هەموو پەیەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر بنەمای خێڵەکی و خزم خزمێنەیەو ئەمەش زۆرتریت کاریگەری نێگە تیڤی لە سەر ڕەوشی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی کردووە ، لە سۆنگەی ئەزموونی گەلانی جیهانەوە ئاستی کۆمەڵایەتی دەبێت ئاستێکی ئینتیمای نەتەوەیی بێت نەك خزم و عەشیرەت گەری ، هۆکەشی ئەوەیە چەمکی هاوولاتی بوون لە نێوردا هەرنیە ، لە ڕاستیدا پێشمەرجی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو لە ڕوی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە وە چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتی بوونە ، ئەم چەمکەش لە کۆمەڵگای کوردیدا نەك هەر لاوازە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ، ئەم چەمکە بوونی نیە نەلەسەر ئاستی سیاسی و نە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش ، دەوڵەتی ئایندەی کوردستان ، پێویستە پۆ بە باخ کردنی ئینتیمای نەتەوەی پێش هەموو شت بە یاسا چەکی هاوڵاتی بوون بچەسپێنێت .ماف و ئازادیەکانی بۆ دابن بکات ، تائەو ئەندازەیەی کە پێش لە هەرشتێك گرنگترین شت بیری نەتەوەیی بێت و هەموو لەبەر دەم یاسادا وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت .

٩- سوپای ئایندەی دەوڵەتی نیشتمانی کوردستانی : لە پێشدا ئاماژەمان پێدا ئەگەر بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە ئەم چوار پارچەیە یەکیان نەگرتەوە ئەوا ئەشێ سووپایەکی نیشتمانی هەبێت بە پاراستنی سەر وەری ئەم چوار هەرێمە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵ ، ئەم سوپایە لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێك دێت و ئەنجوومەنێك یان یەکەیەکی سەر بەخۆ کە سەر بەهیچ حزب و لایەنێك نەبێت سەرپەرشتی بکات ، هاوکات ، ئەم هەرێمە سەر بەخۆیانە دەتوانن خاوەنی حکومەت و ئیدارەی کارگێری خۆیان بن بەشێوەیەکی سەر بەخۆ ( نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشور) ئەم سوپانیشتمانیە پێویستە ڕێکخراوو مەشق پێکراوو بە تەکنۆلۆژی سەردەم و هاو چەرخ بێت .وەك :

- **أ- دابین کردنی پێداویستی لۆجستی**
- **ب- دابین کردنی سیستەمی پەیوەندیەکان ،(بێتەل ، بلۆتۆس ، مۆبیلی سەربازی و هتد )**
- **ت- چەك و تەقەمەنی پێشکەوتو ،**
- **پ- زانستی تەکۆلۆژی**
- **ج- ئۆتۆمبیلی سەربازی گواستنەوە تایبەت**
- **ح- تیمی فریاگوزاری ئالیات ، چاکرنەوە گۆڕین**
- **خ- شوێنی شیاوی حەوانەوە**
- **د- دابن کردنی ئازادی شەخسی**
- **ژ- خوادن و خۆراکی گونجاوو تەندروست**
- **ر- فریاگوزاری تەندروستی پێشکەوتوو**